# هێرشی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر سنوری هەرێمی کوردستانی باشوورمەحکووم دەکەین

ڕۆژی شەممە ٢٥ی پووشپەڕی ١٣٩٠، ڕێکەوتی ١٦ ژوئیەی ٢٠١١ هێزەکانی سپای پاسدارانی ئێران بە کەڵک وەرگرتن لە هێلی‌کۆپتەر و تانگ و توپخانە و بە بیانوی پەلاماردانی پژاک، هێرشیکی بەربڵاویان کردوەتە سەربەشێک لە ئاواییەکانی بناری قەندیل و زەڵێ و دۆڵە کۆگە، لە مەنتەقەی مەرزی قەڵادزێ، سەر بە پارێزگای سلێمانی لە هەرێمی کوردستانی عێراقی فیدراڵ. لە ئاکامی ئەو هێرشانەدا تا ئێستا زیاتر لە ٢٠٠ خانەوادەی نیشتەجێ لە گوندەکانی ئەو دەوەرە، بە ناچار ماڵ و مەنزڵی خۆیانیان بە جێ هێشتوە و ئاوارە بوون. زیاتر لە دەکەس بریندار کراون، زۆرێک لە خانووبەرەی دانیشتوانی دەوەرەکە بە تۆپ و کاتیوشا و شتی‌وا زەرەر و زیانی قورسیان لێدراوە و زیاتر لە هەزار سەر مەر و ماڵاتی ئەو ئاوارانەش لە لایەن سپای پاسدارانەوە بە تاڵان براوە. تۆپ بارانی بەرزاییەکانی دەوروبەری ئەو مەنتەقەیە، لە ڕاستی‌دا لە ڕۆژی ١٢ی پۆشپەڕەوە دەستی پێکردبوو. ڕۆژی ٩ی پووش پەڕیش، مەنتەقەی حاجی ئۆمەران لە ٧٠ کیلۆمتری هەولێرهەر لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە تۆپ باران کراوە.

ڕژیمی ئیسلامی ئێران ساڵانی ڕابردووش هەرجارە بە بیانویەک، بۆ شێواندنی هێمنی کوردستانی باشوور و نائەمن کردن و تێکدانی ژیانی هێمنانەی خەڵکی ئەو دەڤەرە، چ لەباری سیاسیەوە چ لەباری ئابووریەوە بە بێ پسانەوە کاری کردوە. سیاسەتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە باری ئابووریەوە لە سەر بناغەی تاڵان و بڕۆی خەڵکی کوردستانی باشوور دامەزراوە . لەم ساڵانەش دا بە ناردنی مادە هۆشبەرەکان و ناردنی دەرمان و خواردەمەنی ماوە بە سەر چوو و هەتد ... خەریکی دوژمنایەتی کردنی خەڵکی کوردستانی باشووربوە. ئەگەرپاساوی ئەو هێرشە و تۆپ باران و بۆمباران و کوشتنی خەڵکی بێدیفاعی ئەو دەڤەرە و تاڵان و ئاوارە کردنیان، پژاکە، ئەی بیانووی بەستنی ئاوی ئەڵوەند و بێ ئاو کردنی جووتیارانی مەنتەقەی خانەقین چییە؟ ئەی بەستنی چۆمی سیروان و بێ ئاو کردنی خەلکی شارەزور بۆچی؟ ئاشکرایە کە ئەو کردەوانەی ڕژیمی ئێران دوژمنیە لە گەڵ ئاسایش و هێمنایەتی هەرێمی کوردستان ولە هەمان کاتیشدا ژێر پێنانی ئاشکرای ڕەسم ویاسا نێونەتەوەییەکانیشە.

ئەو دەستدرێژیانەی حکوومەتی ئیسلامی ئێران بۆ سەرهەرێمی کوردستان لەو ڕووەیە کە ئەم ڕژیمە ئاکامی هێمنی سیاسی و سەقامگیربوونی ئەم پارچەیە لە کوردستان، بە زیانی خۆی دەبینێ.

کۆماری ئیسلامی ئێران؛ هاوکات لە گەڵ گرتنەکاری شێوەی سەرکوت و خەفەقان و تێرور و تۆقاندن و کوشت و بڕو بەر بەست کردنی ئازادی و ژێرپێنانی مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران، بەردەوام بۆ شێواندن و نائەمن کردن و تێکدانی وەزعی کوردستانی عیراقیش لە هیچ جینایەتێک دەستی نەپاراستوە. لەم بوارەدا بەکرێگرتنی کەس بۆ تێرۆر و ڕەشەکوژی بە سەدان پێشمەرگە و چالاکی سیاسی کوردستانی ئێران یەکێک بوە لەو کردەوە جینایەتکارانەی ئەم ڕژیمە.

جگە لەو کردەوە دزێوانەی لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، ڕژیمی ئیسلامی ئێران بەردەوام لە لایەک خەریکی دووبەرەکایەتی سازکردن بووە لە بەینی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق و لە لایەکی تریش هاندەری شۆڤێنیستە عێراقیەکان، بەتایبەت باڵە هەرە توندڕەوە شیعەکان بووە بۆ زەخت خستنە سەرکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و شێواندنی بارودۆخەکە.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە هەردو بەشی کوردستانی ئێران و عێراق، هەم بە کردەوەی دزێوو ئاژاوە گێرییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئاشنان و هەم بە پێی بەرژەوەندی هاوبەشیان، بە وریایی و ژیرییەوە، بۆ بەرپەرچدانەوە و پوچەڵ کردنەوەی پیلان و گێرە شێوێنیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، دەبێ بە هاوپشتی یەکتر،هەنگاوی گونجاو هەڵبگرن.

رەوتی سوسیالیستی کۆمەڵە هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە هەر بیانویەکەوە، بۆسەر سنوری هەرێمی کوردستان و هەموو پیلانە شوومەکانی تریشی بە توندی مەحکوم دەکات.

لەم بوارەدا بێگومان جەماوەری خەڵکی کوردستانی ئێران خەباتی خۆیان لە دژی جمهوری ئیسلامی ئەکەنە قەڵخانی بەرژەوەندی هاوبەشیان لە گەڵ خوشکان و برایانیان لە کوردستانی باشوور.

بڕووخێ رژیمی فاشیستی ئیسلامی ئێران

رەوتی سوسیالیستی کۆمەڵە

٢٠١١/٧/٢١